
گۆرانیی ئێواره

شێروود ئەندرسن
لە ئینگلیزییەوە: چاوان نەریمان
(سلێمانی)



گۆرانیی ئێواره

گۆرانییەکەم دەحەوێتەوە، وەختێ من دەحەوێمەوە.
بە هەر چەرمەسەرییەک بێ بەردەوام دەبم.
دەگەڕێمەوە لای گەنمەشامی و کێڵگە والاکان. خەم مەخۆ خۆشەویستم، لە کۆتاییدا بەسەلامەتی لێی دەردەچم.
پشت شیکاگۆ کێڵگە والاکانن، داخۆ تا ئێستا لەوێ بوویت- قەت شەمەندەفەرەکان لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕووت هاتوون- ئەی ڕووناکی لەسەر دەشتە خۆڵەمێشییە درێژەکان دەدرەوشایەوە؟ زۆر گۆرانی هەن-ئازار دەکێشن بەخاتری ئەوەی بگوترێن.
برایەکی ڕەنگپەڕیو و شڕوپڕم لە سینەمدا هەڵگرتووە -ئەوە ڕاستییەکەیە. پشت شیکاگۆ کێڵگە والاکانن- شەمەندەفەرە درێژەکانیش بۆ ڕۆژئاوا دەڕۆن -بەبێدەنگی. خەم مەخۆ خۆشەویستم، لە کۆتاییدا بەسەلامەتی لێی دەردەچم.

گۆرانیی بازرگانێکی سەرخۆش

بچکۆلانەکەم، هەوڵ مەدە ڕام بگریت.
بڕۆ ماڵەوە! لای ئاگرەکە جێگەیەک بۆ تۆ هەیە.
تەمەن چاوەڕێی پێشوازیکردنی تۆیە، خۆشەویستم-
بڕۆ ماڵ و لەتەک ئاگرەکە دابنیشە.

بەنێو شەقامە ڕووتەڵەکەدا ڕام کرد،
چەشنی مانگایەک بە شریخە و بۆڕەبۆڕەوە؛
دیواری ماڵەکانم دەهەژاند،

خەونی ئارەزووە پەشەکەمم ڕادەگەیاند.

هەشتا نامە لە کونەکۆترێکدا (٤)،
هەشتا نامە لە کونەکۆترێکدا.

ئەگەر باشترین شتێک لەم دنیایەدا هەبێ، ئازایەتییە.
من باڵندەیەکی ڕەشم و بەسەر زەویدا لەنگەر دەگرم:
بگەڕێوە ماڵ! لێم گەڕێ تەنیابم.

هەشتا نامە لە کونەکۆترێکدا،
هەشتا نامە لە کونەکۆترێکدا.

دەزانی، کۆترە بچکۆلانەکەم، چەندە سەرسامی لێوەکانتم- هێندە سووڕن.
خەریکی چیت لە دەرەوە و لەسەر ئەم شەقامە؟
قۆڵم بگرە! لێم بڕوانە!
ئایش، دەفن بە. ئەمشەو شەست و پێنج ساڵم،
تازە سەرلەنوێ دەستپێکردنەوە سوودی چییە.

هەشتا نامە لە کونەکۆترێکدا،
هەشتا نامە لە کونەکۆترێکدا.

هەرچی بێ، من ماندووم. ئازار دەچێژم.
فایدەی چییە؟
چیدی ناتوانم ئاوازەکە وەک خۆی بڵێمەوە.
کوڕێکم هەیە.
دەی با بڕۆینەوە ماڵەوە، سەعات دوازدەیە.
هێشتان سووڕم ئەو کوڕە بنێرم بۆ وێست پۆینت (٥).
هەشتا نامە لە کونەکۆترێکدا،
هەشتا نامە لە کونەکۆترێکدا.

سەردانێک

بەرەو ڕۆژئاوا، کێڵگەیەک لە بەرگێکی ئاڵتوونیدا.
پاییزە - بڕوانە گەنمەشامییەکە. چۆن ئازار دەکێشیت.
بەرگێکی ئاڵتوونیم پێدا بدە. شەوە و شەقامەکانم تەی کردووە بەرەو لای پەنجەرەکەت.
سەرلەبەری تەپوتۆز و وشەکان لەنێوچوون، ڕاماڵدران. لێم گەڕێ بنووم.

گۆرانیی بەهاری ئەمریکی

لە بەهاردا، وەختێ با- هەڵیکرد و جووتیارەکان بە کێڵانی کێڵگەکانەوە خەریکبوون،
لەپڕ بە خەیاڵمدا هات بەهۆی دڕندەییەکەمەوە کەیفخۆش بم.

بەدرێژایی شەقامێک ڕۆیشتم و بەسەر پردێکدا پەڕیمەوە.
گەلێک شەقامی شارەکەم تەیکرد و بەسەر زۆر پرددا تێپەڕیم.
بە مستەکۆڵەکانم لە پیاوان و ژنانم دا و دەستم خوێنی لێ هات.

بەژێر پردێکدا خشیم، لە گوێی ڕووبارەکە ڕاوەستام و
لە خۆشیدا هەڵلەرزیم.
چونکە بەهاربوو و نەرمەتیشکی خۆر دەهاتە نێو قڵیشەکانی پردەکەوە،
هەوڵم دا لە خۆم تێبگەم.

لە قوڕی کەنار ڕووبارەکە بیچمی خودایەکم بۆ خۆم دروست کرد، خودایەکی بچووکی نامۆ بە ڕوخسارێکی خواروخێچەوە،

خودایەک بۆ خۆم و بۆ پیاوەکانم.

براله، ئێستا تێدەگەیت دەڵێم چی.

پیاوێک بووم جلەکانم بەرگدرووێەکی جوو دووریبوونی
جلوبەرگگەلێکی بەوریایی و زۆرزانانە دووراو،
بۆ کەسێکی بێناو.
یەخەی سپیم لە مل کرد و کەسێک دەرزی
یەخەیەکی گەوهەرنیشانی(٦) پێ دام،
تا بیکەم بە قوڕگمەوە.
ئەوە خستمییە پێکەنین و ئازاریشی دام.

هیچ کەس پێی نەزانی کە چووم و لەناو
قوڕەکەی ژێر پردەکەی شاری شیکاگۆ چۆکم
دادا.

ئەها دەبینی خەریکم نهێنییەکەم بە گوێی
تۆدا دەچرپێنم.

دەمەوێت بڕوا بە شێتیم بکەیت و تێبگەیت
کە خودام خۆش دەوێت-
ڕێک ئەوەم دەوێت.

ئەوسا، بزانە، بەهار بوو،
نەرمە تیشکی خۆر دەهاتە نێو قژلێشەکانی
پردەکەوە.
لەمێژە تەنیام، لە شوێنێکی نامۆ کە هیچ
خودایەک هاموشۆی ناکات.

پیاوەکان بە پێخشکێ دێن و ماچی ڕوخسارە
خواروخێچەکەی خودای قوڕینم دەکەن.
بە مستە خوێناوییەکانم لێت نادەم.

من خۆشم خودایەکی خواروخێچم.

بەهارە و خۆشەویستی بەرەوپیریم هاتووە.
خۆشەویستی بەرەوپیری من و
پیاوەکانم هاتووە.

کێڵگەی گەنمەشامی

من بە گۆرانی دووگیانم. جەستەم دەئێشێت،
بەڵام خیانەتم لێ ناکات. گۆرانییەکان دەچڕم و
حەشاریان دەدەم. وردوخاشیان دەکەم و فڕێیان
دەدەمە سەر شەقامەکە. شەقامەکانی شارەکەم
تژی لە کونی تاریک. گۆرانییەکانم لەنێو کونی
شەقامەکاندا دەشارمەوە.

لە تاریکیی شەودا بەئاگاهاتم و ئەو کۆتوزنجیرانەی
منیان شەتەک دابوو، شکێنران. مکوڕ بووم شتە
کۆنەکان بێنمە ناو زەوییە تازەکەوە. دەفرێکی
پیرۆزم دۆزییەوە و بەوەوە ڕام کردە نێو کێڵگەکان،
نێو کێڵگە درێژەکان لەو جێیەی گەنمەشامییەکان
خشەخشیان دەهات.

گشت خەڵکی سەردەمەکەم بە زنجیر بەندکرابوون.
کێڵگە درێژەکان و گەنمەشامییە وێستاوەکانیان
لەبیر چووبووەوە. بای ڕۆژئاوایان لەبیر چووبووەوە.

خەڵکەکەم لەنێو شارەکان مۆڵیان بەستبوو.
لەگەڵ وشەکاندا سەرەسوورپێیان پێکەوتبوو.
وشەکان خنکاندبوونیان، نەیاندەتوانی هەناسە
بدەن.

لەسەر ئەژنۆ، بە گاگۆڵکێ، بەبەردەم خەڵکەکەمدا
ڕۆیشتم. سووکایەتیم بە خۆم کرد. دەردراوەکانی
جەستەیانم بۆ خواردنەکەم وەرگرت. چوومە ناو

زەوییەکە و جەستەم مرد. لەناو گەنمەشامییەکە، لەناو کێڵگەی گەنمەشامییە درێژەکان دەرکەوتم. سەرم بەرزکردەوە و بەر-بای ڕۆژئاوا کەوت. تیشکی شتە کۆنەکان، هیی شتە کۆنە جوانەکان، لە منداا بەئاگا هاتن. دەفرە پیرۆزەکە لەنێو کێڵگەی گەنمەشامییەکان دانراوە.

سەرلەنوێ پەرستنی خواکان لەناو خەڵکەکەم نوێ دەکەمەوە. پاشایەک لەبەردەمیاندا دادەنێم. پێویستە پاشایەک لەبەردەم خەڵکەکەم دابنرێت. دەفرە پیرۆزەکە دەبێ بە ڕۆنی شیرینی گەنمەشامی پڕ بکرێت.

گۆشتی جەستەم چاک دەبێتەوە. بە ددانە سپییەکانت دەتوانی گازم لێ بگریت. قۆڵم کە چرچ بووە، بەهێز دەبێت. لە شەوە خامۆشەکانی شەقامەکانی شارەکەم، شتە کۆنەکان بێدار دەبنەوە.

بەئاگاهاتم و ئەو کۆتوبەندانەی منیان شەتەک دابوو، شکێنران. سوورىبووم خۆشەویستی بهێنمە ناو دڵی خەڵکەکەمەوە. دەفرە پیرۆزەکە لەناو دەستم دانراوە و پێیەوە بەنێو کێڵگەکەدا ڕام کرد. لە کێڵگەی گەنمەشامییە درێژەکان دەفرە پیرۆزەکە دانراوە.

شێروود ئەندرسن، لە ساڵی ١٨٧٦ لە ناوچەی کۆندمنی ئۆهایۆ هاتووەتە دنیا، لە ٨ی ئاداری ١٩٤١ لە کۆڵۆنی پاناما گیانی سپاردووە. نووسەرێک کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر شێوازی نووسینی ئەمریکییەکان دانا، لەنێوان یەکەم و دووەم جەنگی جیهانی، بەتایبەت تەکنیکی نووسینی کورتە چیرۆکەکانی، نووسەرە دیارەکانی وەک ئێرنست هەمەنگوەی و ویلیام فۆکنەر کەتوونەتە ژێر باندۆری نووسینەکانییەوە؛ هەردووک یەکەم کتێبیان بەهۆی پشتگیری و یارمەتی (ئەندرسن)ـەوە بڵاوکردەوە. ستایلی نووسینی پەخشانەکانی، زیاتر قسەی ڕۆژانەیە و لە ئەزموونی نووسینی «گێرترود شتاین»ـەوە وەرگیراوە. لە کارە سەرەتاییەکانی هەمەنگوەی -دا بەڕوونی ئەو کاریگەرییە دەبینرێت-ئەمە وێڕای ئەوەی لە کتێبی «لافاوەکانی بەهار» (١٩٢٦) بەشێوەیەکی بێبەزەییانە، گاڵتە بەو ستایلە دەکات، بەتەواوەتی خۆی لەو شێوازی نووسینە جیا دەکاتەوە و دەست بە شێوازێکی نوێی خۆی دەکات.

ئەگەرچی زیاتر بە کۆمەڵە چیرۆکە بەناوبانگەکەی «واینزبێرگ ئۆهایۆ» ناسراوە، بەڵام دوو کۆمەڵە شیعریشی بە ناوونیشانی «سروودەکانی ناوەڕاستی ئەمریکا (١)» و «پەیمانی نوێ (٢)» نووسیوە. شیعرەکانی ئەندرسن شیعری ئازادن و کەمتاکورتێ بەشێکیان دەچنە قاڵبی پەخشانەشیعرەوە. ئەندرسن وەک هەمیشە خۆی لە ڕازاندنەوە بەدوور دەگرێ و هەوڵ دەدات وشەگەلی سادە بەکاربهێنێت. لە شیعرەکانیدا زمانێکی ڕووت و هەندێک جار شێوازێکی پێغەمبەرانەی هەیە، بایەخێکی زۆر بە پاتەکردنەوە دەدات، زۆرجار لە شیعرێکدا گەلێک سروود و ڕستە و وشە دووبارە دەکاتەوە.

بێگومان ئەندرسن لە شیعر نووسیندا کەوتووەتە ژێر کاریگەریی واڵت ویتمان، گێرترووود شتاین و گەلێک نووسەری تری سەردەمی ڕێنسانسی شیکاگۆ (٣). زیاتر ستایلی شیعرە ئازاد و بێسەرواکەی لە شیعرەکانی (واڵت ویتمان)ـەوە نزیکە، تەنانەت ئارەزووی زۆری بۆ باسکردنی سروشت و کێڵگەکانی ئەمریکا، زێدەتر بۆ ئەم کۆمەڵە شیعرەی "leaves of grass"ی واڵت ویتمان دەگەڕێتەوە، بەکارهێنانی وشەی

ساده و زمانه ساناکەشی لە (گێرترود شتاین) ـەوە وەرگرتووە، چون پێی وابووە لە پشت هەر وشەیەکی سادەوە، هێزێکی مەزن خۆی حەشارداوە و هەر ئەو وشانەش دەتوانن بە سادەییان پەی بە شتەکان ببەن. لە وتارێکیدا بە ناوونیشانی «کارەکەی گێرترود شتاین» زۆر بەجوانی باسی ئەرکی وشە و ڕۆڵە گرنگەکەی دەکات و ستایشی کۆمەڵەشیعرەکەی شتاین "tender buttons" دەکات. هەر لەو سۆنگەیەوە خۆی لە بەکارهێنانی وشەی قورس و زمانی قورس بەدوور گرتووە، هەردەم ویستوویەتی لە ڕێگەی زمانێکی پاراو و ڕەوانەوە پەیام و خواستەکانی بگەیەنێت.

دەرکەوتنی سەردەمی پیشەسازی جێپەنجەی خۆی بەسەر نووسینەکانی ئەندرسن و زۆر لە نووسەرانی هاوسەردەمی خۆی بەجێ دەهێڵێت، هەر ئەمەش وادەکات لەگەڵ نووسەرانی وەک کارل ساندبورگ، ئیدگار لی ماستەرز لە ماوەی ڕینسانسی شیکاگۆدا چالاکانە و ڕیالیستیانە لەبارەی ژیانی مۆدێرن لە شار و لێکەوتە نەرێنییەکانی بەسەر خەڵکەوە، بێ وچان بنووسن. بەگشتی لە نووسینەکانیدا و بەتایبەت شیعرەکانی، دەیەوێت پردێک لەنێوان فەزای شار و فەزای لادێدا دروست بکات. هەمیشە دەیەوێت بگەڕێتەوە نێو ژیانێکی ئاسایی، لە دنیای کاپیتالیزم و پارە و شتە مادییەکانی دی دەربازی ببێت کە خەڵکی ئەمریکایان لە شوێنێکدا خەفە کردووە، ئەو هەرگیز جوانی لە بینایەی بەرز و ئۆفیس و شەقامە ڕازاوەکانی شاردا نابینێت، جوانی لای ئەو کێڵگە و ئەسپ و سروشتە.

پەراوێزەکان:

(1) Mid-American Chants

(2) New Testament

(3) The Chicago Renaissanc

چالاکییەکی ئەدەبی بوو لەنێوان ساڵانی ١٩١٢ تا ١٩٢٥. نووسەرە دیارەکانی ئەم ماوەیە: شێروود ئەندرسن، تیۆدۆر درایزەر، ئیدگار لی ماستەرز و کارل ساندبورگن.

(4) pigeon-hole.

(5) West point

ئاماژەیە بۆ ئەکادیمیای سەربازی ئەمریکا.

(6) Jeweled pin.

سەرچاوە:

https://www.britannica.com/biography/Sherwood-Anderson

https://www.poetryfoundation.org/poetrymagazine/browse?volume=10&issue=6&page=5

تێبینی:

ئەو پێنج شیعرە بەشێکن لە کتێبی کۆمەڵەشیعری "سروودەکانی ناوەڕاستی ئەمریکا".